بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٣) سالی یەکەم ٢٠٠١/٤/٢٥ ز (٥)ی گولان ٢٧٠١ کوردی (١) سەفەر ١٤٢٢ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :


- **یاسای ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٠١** ل١
  یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق
- **بڕیاری ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٠١** ل٤
  پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتیی بۆ لێکۆڵینەوە بارودۆخی پەنابەران
- **بڕیاری ژمارە (٣) سالی ٢٠٠١** ل٦
  چوارەمین هەموارکردنی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
- **سیستەمی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠١** ل٨
  سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی
- **بەیاننامەیەک** ل ١٢
  لە دەستەی بالای هەڵبژاردنی شارەوانی کوردستانی عێراق


ناونیشان : هەولێر بالەخانەی وەزارەتی داد

( ٤٣٥١:٤٣٥٢:٤٣٥٣:٢٠٥١٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريــدة الرســمية لحكــومة أقليم كوردســتان العــراق – تصــدرها وزارة العــدل

العـــدد (١١٣) السـنة الاولــى ٢٠٠١/٤/٢٥م (٥) گــولآن ٢٧٠١ ك (١) صفــر ١٤٢٢ هـ


## في هـذا العـدد


• **بيان** ص١٢

من هيئة العلياللانتخابات المجلس البلدية

• **قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠١** ص١٣

قانون وزارة حقوق الأنسان في أقيلم كوردستان ـــ العراق

• **قــرار رقم (٢) لسنة ٢٠٠١** ص١٦

تشكيل لجنة مؤقتة لدراسة أوضاع اللاجئين الكورد في الخارج

• **قــرار رقم (٣) لسنة ٢٠٠١** ص١٨

التعديل الرابـع للنظام الداخلي للمجلس الوطني الكوردستاني

• **نظام رقم (١) السنة ٢٠٠١** ص٢٠

نظام أنتخاب رؤساء و أعضاء المجالس البلدية في أقليم كوردستان ـــ العراق

### بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنـــان : ٢**

**رۆژی دەرهێنـــــان: ٢٠٠١/٤/٣**

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦)و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢) و لەسـەر داواکاریی ئەنجومـەنی وەزیـران و ئـەو یاساکارییەش کـە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

## یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠١

## یاسا ی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

هەرێم : هەرێمی کوردستانی – عێراق .

ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

وەزارەت : وەزارەتی مافی مرۆڤ.

بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ : جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان و پرۆتۆکۆڵـە پاشـبەندەکانی و بەڵگەنامـەو رێککەوتنامـەکانی دیکـەش ، کـە پێوەنـدییان بـە مـافی مرۆڤەوە هەیەو لە گەڵ دابو دەستوور و مەبادیئی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەلوێ و دەگونجێ .

**ماددەی دووەم :**

ئەم وەزارەتە وەدی هێنانی ئەم ئامانج و ئەرك و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ.

١. راوێژ و رای خۆی دەربارەی مافی مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و هـەموو لایەنـە رەسمی و غەیرە رەسمییەکانی هەرێم.
٢. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری تایبەت بە مافی مرۆڤ و وەئاگاهێنان و چاوکردنەوەی هەموو چین و توێـژەکانی کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـەم رووەوە ، هـەروەها کۆشـش کـردن لـە پێنـاو چەسـپاندن وریـشاژۆکردنی ماناکـانی لێبـووردەیی و هاوکـاریی کۆمەڵایـەتی و دابودەستوورو دروشمی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.
٣. لەبـەر رۆشـنایی بەڵگەنامـەکانی مـافی مـەدەنی و سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و رۆشنبیریی مرۆڤ وبەڵگەنامەو رێککەوتننامەی دیکەش ، کە پێوەندییان بە مافی مرۆڤەوە

هەیەو لەگەڵ دروشم و دابودەستووری کۆمەڵگەی کوردستاندا لەبارەو دەگونجێ ، دراسەتنامەو لێکۆڵینەوەی دەوری دەربارەی چۆنێتی چاکتر کردنی هەلومەرجی مافی مرۆڤ و چۆنێتیی بەهێزکردن و ڕێزدار کردنی‌یەوە ئامادە دەکات .

٤. موراقەبەی هەموو یاساکارییەکی نیشتمانیی دەکا تا دڵنیا بێ لەوەی ، کە لەگەڵ سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەکانیدا لە باربن.

٥. هەڵسەنگاندنی رەفتاری دام و دەزگا رەسمی و غەیرە رەسمییەکانی هەرێم بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند ئیلتیزامیان بە حوکمەکانی بەڵگەنامەگەلی تایبەت بە مافی مرۆڤەوە کردووە ، لەو رووەوە راپۆرت بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکات.

٦. سەردان و پشکنینی بەندیخانەو جێگاکانی دەستبەسەر و گیراوەکان بە شێوەیەکی دەوریو ئامادەکردنی راپۆرت لەبارەی بارودۆخی بەندی و گیراوو دەستبەسەرەکانەوە.

٧. هاوکۆمەکی لەگەڵ رێکخراوەکانی خەمخۆری مافی مرۆڤ و حزبگەلی سیاسی و کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەلأیەتیو هزری و هەموو هاوولأتیانیش لە هەرێمدا ، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە بەسەلامەتی رێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان و یاساکارییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە هەرێمدا مسۆگەر بکرێ.

٨. بە هاوکۆمەکی و بە تەگبیر لەگەڵ رێکخراوە نێو دەوڵەتیە پێوەندیدارەکان و لایەنە پێوەندیدارەکاندا لە بواری مافی مرۆڤدا دەکەوێتە چالاکیو ، ئەو پێشێلکاری و رەفتارە نامرۆڤییانەش دەخاتەڕوو کە دەرهەق بە گەلی کوردستان بەرپادەکرێ.

٩. لەمەڕ حەقیقەتی بارودۆخی مافی مرۆڤ و بزاڤی وەزارەتەکەش ، لەم رووەوە ، ساڵانە راپۆرت ئامادە دەکاو پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراقی دەکات.

**ماددەی سێیەم :**

وزیر : سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەو ، بەرپرسی وەبەرکارخستنی سیاسەتەکەیەتی و ، بەرپرسی سەرپەرشتی و ریقابەکردنی لایەنی وەبەرکارخستنی رێککەوتننامەٍ نێو دەوڵەتی و یاساکارییە ناوخۆییەکانیشەو ، هەر بڕیارو فەرمان و رێنماییەکیش پێوەندیی بە ئەرك و فرمان و پێکهاتەو پسپۆڕایەتی و کاروباری دیکەی وەزارەتەکەوە هەیە ، هەمووی ، لە لایەن خۆیەوە دەردەچێ.

**ماددەی چوارەم :**

پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکە :

پێکهێنەرەکانی ئەمانەن :

١. مەکتەبی وەزیر.

٢. بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٣.  بەڕێوەبەریی گشتیی کاروباری مافی مرۆڤ.
٤.  راوێژکاران : دەبێ لە پێنج کەس زیاتر نەبن.

**ماددەی پێنجەم :**

پێکهێنەرەکانی ئەم وەزارەتە بە ئاودامانی بە پێڕۆ دیار دەکرێن.

**ماددەی شەشەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی حەوتەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە ، لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە ( وەقایعی کوردستان )دا ، دەخرێتە بەرکار.

**د . رۆژ نـــوری شـاوەیـس**
**سـەرۆکی ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

**(( هۆکـــارە زەروورەکـان ))**

لەبەر ئەو چەوسانەوە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەی کە گەلی کوردستان پێوەی دەنالّی و ، لەبەر بێ بەشیو هەناسە ساردیی لەو مافە بنیچەییانەی کە بەلّگەنامەگەلی نێو دەولّەتی ئیقراری کردووەو ، ئەو هەلّپەو هەلّمەتە سەرکوتکارو جینۆسایدەی کە دووچاری بووە ، ئینجا لەبەر ئەو هەلومەرجە سنگ فراوانیەش ، کە لەسێبەرو سایەی ئەزموونی فیدرالیزمی کوردستاندا بۆ مافی مرۆڤ و نرخ و و پلەو پایەی شارستانی و بنیادنانی هزرو مانای سەربەستی و ئازادیی مرۆڤ و وەدیهێنانی مافەکانیدا رەخساوەو ، بۆ ئەوەش کە بتوانێ بەبێ ترس و دلەڕاوکێ داوای ئەو مافانەی بکاو ، لە پێناوی بەهێزکردن و گەشەپێدانی رەفتاری دیموکراسیدا ، بە زەروور زانرا کە ئامرازێ بۆ رێکخستن و وەدیهێنانی ئەو مافانە بێتەکایەوە ، ئەمەش پێویستیی بەوەکرد کە وەزارەتی مافی مرۆڤ دابنرێ ، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە یاساکاری کرا .

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ٢**
**مێژووی دەرهێنـــــان: ٢٠٠١/٤/١٠**

**(( بــڕیـــــــار ))**

پشت بە حوكمی مادده (٤٧)ی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢ )ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عێراق ، ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی رۆژی ( ٢٠٠١/٤/٩ ) یـدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەكەم :**

لیژنەیەكی ڕەفتەنی ( مۆقتە ) لەم ئەندامانەی ئەنجومەن كە ناویان لە خوارەوە تۆمار كراوە، بـۆ لێكۆڵینـەوەی بـارودۆخ و گـوزەرانی پەنابـەرانی كـورد لـە دەوڵـەتانی ئـەوروپا و دەوڵەتـە بیانییەكانی دیكەدا پێك دەهێنرێ ، ئەمانەن :

١. د . ناصح غفور رمچان .
٢. عبدالخالق محمد رشید زەنگنە .
٣. جلال سلیم رسول خۆشناو .
٤. سرتیپ محمد حسین ( سیروان كاكەیی ) .
٥. أبراهیم سعید محمد .
٦. مەلا محمود فندی دێرشەوی .
٧. مەلا محمد گاهر زین العابدین .
٨. مەلا محسن خالد مصگفی مفتی .
٩. شفیقە فقیٚ عبدالله .
١٠. فوزیە عزالدین رشید .
١١. زهراو حاجی گە .

**دووەم :**

پێویـستە ئەنـدامانی لیژنەكـە سـەرۆكێك و نوێنـەری سـەرۆك و مقـرریٚ بـۆ لیژنـەكان لـە نێـوان ئەندامەكانیدا هەڵبژێرن .

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم :**

پێویستە لیژنەکە دیراسەت و ئامۆژگارییەکانی خۆی دەربارەی ئەم بابەتە ، تا بۆی بکرێ بە زووترین کات پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بکا .

**چوارەم :**

ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرار کردنییەوە کە دەکاتە ( ٢٠٠١/٤/٩ ) بە بەرکارخراو دادەنرێ .

**پێنجەم :**

ئەم بڕیارە لە ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاو دەکرێتەوە .

**د . رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ٣**
**مێژووی دەرهێنــــان: ٢٠٠١/٤/١٢**

**(( بـڕیــــــار ))**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (٨)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ماددەی (٩٤)ی پێڕۆی ناوخۆ ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ــ عێراق و ، لە سەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجومەن ، ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٤/١١) یدا بڕیاری دەرهێنانی ئەم هەموارکردنەی خوارەوەی‌دا :

**چـوارەمین هەمـوارکـردنی پێڕۆی ناوخـۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی**
**ئە نجـومەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

**ماددەی یەکەم :**

ماددەی (٣٨)ی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەن هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

لیژنە هەمیشەیی‌یەکانی ئەنجومەن ئەمانە دەبن :

١. لیژنەی کاروباری یاسایی .
٢. لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری .
٣. لیژنەی کاروباری ناوخۆ .
٤. لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری .
٥. لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا .
٦. لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٧. لیژنەی پێوەندی‌یەکان و کاروباری رۆشنبیری.
٨. لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی .
٩. لیژنەی شارەوانی‌یەکان و گواستنەوەو گەیاندن .
١٠. لیژنەی پیشەسازی و وزە و کانزاکان .
١١. لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١٢. لیژنەی مافی مرۆڤ .
١٣. لیژنەی ئیش و کارو ئاوەدانکردنەوە .
١٤. لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت .

**ماددەی دووەم :**

بڕگە (٣)ی ماددەی (٣٩) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە .

((لیژنە هەمیشەیی‌یەکان لە ژمارەیێ پێك دەهێنرێن لە پێنج ئەندام کەمتر نەبن و ، هەر لیژنەییێکیش سەرۆکێك و نوێنەری سەرۆك و مقررێك لە نێوان ئەندامەکانیدا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ)).

**ماددی سێیەم :**

ئەم هەموارکردنە لە رۆژی دەرچوونی‌یەوە کاری پێ دەکرێ و لە ( وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**د . رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**پشت بە ئەحكامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢و مادەی (١٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٦ ) ی ساڵی ١٩٩٣ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا ئەم نیزامەی خوارەوە دەر بكات : .**

## نیـــزامی ژمـــارە (١) ســـاڵی ٢٠٠١

## نیزامی هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنەكانی شارەوانی لە هەرێمی كوردستانی عێراق

**ماددەی یەكەم :**

هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنەكانی شارەوانی لە هەرێمدا بە شێوەی هەڵبژاردنی راستەو خۆ و لە رێگای دەنگدانی نهێنی تەواوەوە رێكدەخرێت . هەڵبژاردنەكە لە رێگا ی خۆ پالأوتن و هەڵبژاردنی فەردی یەوە ئەنجام دەدرێ .

**ماددەی دووەم :**

دەستەیەكی بالا پێكدەهێنرێ كە رێكخستنی ئیش وكاری هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنەكانی شارەوانی لە هەرێمدا لە ئەستۆ دەگرێ و ، ئەو دەستەیە بە سەرۆكایەتی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری داد وسەرۆكی داواكاری گشتی وپارێزگارەكانی هەرێم و نوێنەرێكی دەستەی ئامار لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێك دەهێنرێت .

**ماددەی سێیەم :**

دەستەی بالأی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی شارەوانی بە سەرۆكایەتی قازییێك لە سنفی یەكەم یا دووەم و ئەندامێتی سەرۆكی داواكاری گشتی یا ئەو كەسەی كە نوێنەراتی دەكات و نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و نوێنەرانی پارێزگاكان پێكدەهێنرێت و ئەم ئەركانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ :

١. دەستنیشان كردنی ناوچەكان و بنكەكانی هەڵبژاردن .
٢. پێكهێنانی لیژنەكانی ناوچەكان و بنكەكانی هەڵبژاردن بە سەرۆكایەتی قازییێك یا ئەندامێكی داواكاری گشتی یا لێكۆڵەرێكی دادی و ئەندامێتی نوێنەرانی كارگێڕیو ئامادەبوونی نوێنەرانی پاڵێوراوان بۆ سەرپەرشتی كردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو شوێنانەدا .
٣. دەركردنی ڕێنوێنی بۆ ئاسان كردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن .

**ماددەی چوارەم :**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان

شارەوانی سەنتەری هەر پارێزگاو شارۆچكەو هەر شارەوانیەكی دیكە بە سنووری یاسایی خۆیانەوە ، بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن دادەنرێن.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم :**

ڕۆژی هەڵبژاردن بە بڕیارێکی دەستەی باڵا دەست نیشان دەکرێت و بە لای کەمەوە پێش یەك مانگ لە هەڵبژاردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بۆ هاووڵاتیان بڵاو دەکرێتەوە .

**ماددی شەشەم :**

بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن لیستەکانی ناوی دەنگدەران و پیشەو ناونیشان و شوێنی لە دایك بوونیان بە پێی بنکەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێت ، ناوەکان بە گوێرەی پیتی ئەلف و بێ ڕێك دەخرێن ، چەندین دانە لەو لیستانە بۆ لیژنەی ناوچە ڕەوانە دەکرێن ، ئەگەر ئەمەش نەکرا دەستەی باڵا بۆی هەیە ڕێگایەکی دیکەی گونجاو بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستە دیاری بکات .

**ماددەی حەوتەم :**

بنکەکانی هەڵبژاردن ، لەسەر بنچینەی لیستەکانی ئەحوالی مەدەنی ، کارتی دەنگدان بۆ هەموو هاووڵاتیەك دابین دەکەن ، کە ( ١٨ ) هەژدە ساڵی تەواو کردبێ‌و ، شێوەی کارتەکە لە ڕێگای بەیاننامەیەکی دەستەی باڵاوە دیاری دەکرێت ، بە مەرجێ دەنگدەر لە کاتی دەنگداندا بەڵگەنامەیەك نیشان بدا ، کە پشتگیری ناسنامەکەی بکات .

**مادەی هەشتەم :**

هەر هاووڵاتییەکی پارێزگاکانی هەرێم ، پیاو یا ئافرەت ، بۆی هەیە دەنگ بدا یا خۆی هەڵبژێرێ ، ئەگەر ئەو هەڵومەرجانەی تێدا بێ کە لە یاسای ژمارە (٦ )ی ساڵی (١٩٩٣)دا هاتوون ، بە مەرجێ کە دانیشتووی ئاسایی سنووری شارەوانییەکە بێ .

**ماددەی نۆیەم :**

هەر کەسێ بیەوێ خۆی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبژێرێ ، دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ڕۆژی ڕاگەیاندنی مەوعیدی هەڵبژاردن ناوی خۆی پێشکەشی سەرۆکی دەستەی باڵا بکات لە گەڵ بەڵگەنامەی پێویست بۆ پشتگیری کردنی ناسنامەکەی .

**ماددەی دەیەم :**

دەستەی باڵا لە ماوەی (٤٨) سەعات دوای پێشکەش کردنی داواکارییەکە سەیری داواکە دەکات و ، لە ماوەی (٣) ڕۆژ دوای وەرگرتنی داواکە بڕیاری خۆی بەو کەسە ڕادەگەیەنێ کە داوای خۆپاڵاوتنی کردووە.

**ماددەی یازدەهەم :**

ئەو کەسەی کە داوای خۆپاڵاوتنی کردووە ، بۆی هەیە لە ماوەی دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی بڕیاری دەستەی باڵا ، لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەدا تانە لە بڕیارەکە بدات ، دادگای تێهەڵچوونەوەش بە سیفەتە تەمییزیەکەی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دوا بڕیار دەربارەی ئەم تانەیە دەدات .

**ماددەم دوازدەهەم :**

دەستەی باڵا لە دەزگا جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندندا لیستی پاڵێوراوان ڕادەگەیەنێو ، بە لای کەمەوە (١٥) ڕۆژ پێش ڕۆژی دەنگدان لەهەر بنکەیەکی هەڵبژاردن لە سنووری ناوچەی هەڵبژاردندا لیستەکان هەڵدەواسێ .

**ماددەی سێزدەهەم :**

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لە سنووری یاساو نیزامی گشتیو ئادابداو ، دیعایەکە لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوان دەست پێدەکات و ، (٢٤) سەعات پێش دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتایی دێت .

**ماددەی چواردەهەم :**

دەستەی باڵا ڕێنوێنی دەردەکات بۆ دیاری کردنی شێوەو قەوارەی سندوقەکانی دەنگدان و شێوەی داخستن و کردنەوەیان .

**ماددەی پازدەهەم :**

سەرۆکی لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن ئەرکی پاراستنی نیزام لە بنکەکەیدا لە ئەستۆ دەگرێ و ، بۆی هەیە ئەوەی پێویستە بۆ مسۆگەر کردنی باش بەڕێوەچوون و سەلامەتی هەڵبژاردن ئەنجامی بدات .

**ماددەی شازدەهەم :**

پرۆسەی دەنگدان سەعات (٨)ی بەیانی دەستپێدەکات و سەعات (٨)ی ئێوارە کۆتایی دێت. دەستەی باڵا دەتوانێ لەسەر داوای لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن ماوەی دەنگدان بۆ دوو سەعاتی دیکە درێژ بکاتەوە لە هەر بنکەیەك ، کە بارودۆخی پرۆسەی دەنگدان ئەمە بخوازێ .

**ماددەی حەڤدەهەم :**

بە کۆتایی هاتنی ئەو کاتەی کە بۆ دەنگدان دیاری کراوە ، سەرۆکی لیژنەی بنکەکان کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێو ، ئەمەش لە کۆنووسی هەڵبژاردنەکاندا تۆمار دەکرێت و سندوقەکان دەکرێنەوەو ، دەنگەکان بە ئاشکرا لە یەك جیادەکرێنەوە .

**ماددەی هەژدەهەم :**

أ- ئەو کارتانەی خوارەوە ڕەت دەکرێنەوە :

١. ئەو کارتەی کە مۆری لیژنەی بنکەی هەڵبژاردنی پێوە نەبێت .

٢. ئەو کارتەی کە هیچ نیشانەیەکی تێدا نەبێ .

ب- هەر ناوێك کە گرفت و گومان لە دیاری کردنی کەسی هەڵبژێردراو دروست بکا ڕەت دەکرێتەوە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ج- ئەگەر لە کارتی هەڵبژاردن پتر لە ژمارەی پێویست دەست نیشان کران ، ئەوا بە پێی زنجیرەی ناوەکان ، ژمارەی دیارکراو وەردەگیرێت و ئەوانی دی پشت گوێ دەخرێن .

**ماددەی نۆزدەهەم :**

١. لیژنەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن کۆنووسی ئیمزا کراو سەبارەت بە ئەنجامدانی دەنگدان لە بنکەکاندا رێك دەخەن ودەیخەنە ناو زەرفی داخراوی مۆرکراو ودەیدەن بەلیژنەی ناوچە.
٢. لیژنەی ناوچە دوای کۆکردنەوەی ئەنجام وبەڵگە نامەکان لە بنکەکانەوە ، کۆنووسێکی ئیمزا کراو ئامادە دەکات و دوای مۆرکردنی بە مۆری ناوچە تەسلیم بە لیژنەی سەرپەرشتی دەکات وئەویش دەیدات بە لیژنەی باڵا .

**ماددەی بیستەم :**

پاڵێوراو دەتوانی لەلای دەستەی سەرپەرشتیار ناڕەزایی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن وئەنجامەکەی لە دائیرەی هەڵبژاردنی خۆیدا دەرببڕێ ، ئەویش بەوەی کە لە ماوەی (٣ ) رۆژی دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردندا داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بکات و، بۆشی هەیە لە ماوەی دوو رۆژدا تانە لە بڕیاری دەستەی باڵا بدات لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتە تەمییزییەکەی و ، دادگاش دەبێ لە ماوەی (٥ ) رۆژدا بڕیاری خۆی لە سەر بدات .

**ماددەی بیست و یەکەم :**

دەستەی باڵا ناوی ئەو کەسانە رادەگەیەنێ کە بە سەرۆك وئەندامی ئەنجومەنەکانی شارەوانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەردەچن و ، لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار پێویستە کە ، بەپێی یاسا ئەمە جێبەجێ بکات .

**ماددەی بیست و دووەم :**

وەزارەتەکان دەبێ ئەم نیزامە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی بیست و سێیەم :**

ئەم نیزامە لە هەولێر دەرچووەو لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ .

**سامی عبدالرحمن**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

(( بـــەیـاننــامـە ))

پشت بە ئەحكامی مادده (٥) لە نیزامی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠١ ، دەستەی باڵای هەڵبـژاردنی شــارەوانی بڕیاری‌ــدا ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٦ بكرێــت بــە ڕۆژی هەڵبــژاردنی ســەرۆك و ئەنــدامانی ئەنجوومەنی شارەوانی لە هەرێمدا .

**بەیاننــامـەیــەك**

**لە دەســتەی بــاڵای هــەڵبــژاردنی شــارەوانی كــوردســتانی عێــراق**

بە پێی ئەحكامی مادده (٢٢) لە قانوونی بەڕێوەبردنی شارەوانی‌یەكان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ و مــادده (٨ و ٩) لــە نیزامــی هەڵبــژاردنی شــارەوانی ژمــارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠١ ، ئــەو هاووڵاتیانەی كە مەرجەكانی خوارەوەیان تێدایەو دەیانەوێت بۆ سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی خۆیان هەڵبژێرن ، دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ٢٠٠١/٤/١٧ ( كە ڕۆژی هەڵبـژاردنی شارەوانی ڕاگەیێنرا) داواكاری خۆیان بۆ هەڵبژاردن بدەنە سەرۆكی ئەو یەكە ئیداریەی ( پارێزگا ، قائمقام ، بەڕێوەبەری ناحیە) كە شارەوانی یەكە لە سنووری ئەودایە ، یا ڕاستەوخۆ بیدەنە دەستەی باڵا لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

**یەكەم : مەرجەكانی سەرۆك و ئەندامانی شارەوانی :**

١. دەبێ تەمەنی لە (٣٠) ساڵ كەمتر نەبێ .
٢. دەبێ پێشتر هیچ حوكمێكی بەسەردا نەدرابێ كە ئابڕووبەر بێ ، ( مخلە بالشرف) یان بە كوشتنی عمد یان دزی نەگیرابێت و ئەهلیەتی قانوونی تەواوی هەبێت و لە هیچ تاوانێك ، كە دەسەڵاتی دیكتاتۆری لە كوردستان نەخشەی بۆ كێشابێ بەشداری نەكردبێ .
٣. بۆ هــەر هاووڵاتیـەك هەیـە ( پیـاو یـان ئـافرەت ) كـە دانیـشتووی ئیعتیـادی سـنووری شارەوانییەكە بێت خۆی هەڵبژێرێ .
٤. ســەرۆكی شــارەوانی دەبــێ بــەلای كەمــەوە هــەڵگری بڕوانامــەی ئامــادەیی یــا بەرامبــەری ئامادەیی بێت .

دووەم : سەبارەت بەو شارەوانی یانەی كە بڕیارە بەم زووانە دروست بكرێن ، ئەو هاووڵاتیانەی كە نیازی خۆ هەڵبژاردنیان هەیە بۆ سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی دروست بوونی شارەوانی‌یەكە ناوەكانی خۆیان پێشكەش بكەن .

**ســامـی عبـدالـرحـمن**
**سـەرۆكی دەسـتەی بـاڵای هەڵبـژاردنی شـارەوانی**
**لە هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق**

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٢**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠١/٤/٣**

أستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان _ العراق بجلسته المرقمة (٤) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/٤/٢ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا أصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠١
## قانون وزارة حقوق الأنسان في أقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى :**

يقصد بالتعابير الأتية المعاني المبينة أزاءها :

الأقليم : أقيلم كوردستان _ العراق .

مجلس الوزراء : مجلس وزراء اقليم كوردستان .

الوزارة : وزارة حقوق الأنسان .

الوزير : وزير حقوق الأنسان .

مواثيق حقوق الأنسان : الأعلان العالمي لحقوق الأنسان و العهدان الدوليان و البروتوكولات الملحقة بها و غيرها من المواثيق و الأتفاقات المتعلقة بحقوق الأنسان و التي تتلاءم مع قيم و مباديء المجتمع الكوردستاني.

**المادة الثانية :**

تتولى الوزارة تحقيق الأهداف و المهام التالية :

١. تقديم المشورة و الرأي لمجلس الوزراء و لكافة الجهات الرسمية وغير الرسمية في الأقليم فيما يتعلق بشؤون حقوق الأنسان.
٢. نشر ثقافة حقوق الأنسان و توعية أوساط المجتمع الكوردستاني بها والعمل على ترسيخ مفاهيم التسامح و التضامن الأجتماعي و قيم و مثل المجتمع المدني.
٣. أعداد دراسات وبحوث دورية حول سبل تحسين وضع حقوق الأنسان في الأقليم وسبل تعزيز أحترامها في ضوء المواثيق الخاصة بحقوق الأنسان . المدنية و السياسية و

٤. الأقتصادية و الأجتماعية و الثقافية و غيرها من المواثيق و الأتفاقيات المتعلقة بحقوق الأنسان التي تتلاءم مع قيم المجتمع الكوردستاني.
٥. مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية لمباديء حقوق الأنسان و حرياته الأساسية.
٦. تقييم مدى التزام الأجهزة الرسمية و غير الرسمية في الأقليم باحكام المواثيق الخاصة بحقوق الأنسان ورفع تقرير بشأن ذلك الى رئاسة مجلس الوزراء.
٧. تفتيش السجون و مراكز الحجز و الأعتقال بصورة دورية و أعداد تقارير عن أحوال السجناء و المحجوزين و المعتقلين.
٨. التعاون مع المنظمات المعنية بحقوق الأنسان في داخل الأقليم و الأحزاب السياسة و الجمعيات الأقتصادية و الأجتماعية و الفكرية و المواطنين بما يضمن سلامة تطبيق الأتفاقيات الدولية و التشريعات حول حقوق الأنسان في الأقليم.
٩. التعاون و التنسيق في مضمار حقوق الأنسان مع المنظمات الدولية المختصة و الجهات ذات العلاقة و أبراز ما يتعرض له شعب كوردستان من انتهاكات لحقوق الأنسان.
١٠. أعداد تقرير سنوي يتضمن الصورة الحقيقية لحالة حقوق الأنسان و عمل الوزارة في هذا المضمار و رفعه الى رئاسة مجلس وزراء الأقليم و المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**المادة الثالثة :**

الوزير : هو الرئيس الأعلى للوزارة و المسؤول عن تنفيذ سياساتها و ممارسة الأشراف و الرقابة على تنفيذ الأتفاقيات الدولية و التشريعات الداخلية و تصدر عنه القرارات و الأوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و أختصاصاتها وسائر شؤونها.

## تشكيلات الوزارة

**المادة الرابعة :**

تتألف تشكيلات الوزارة من :
١. مكتب الوزير.
٢. المديرية العامة للديوان.
٣. المديرية العامة لشؤون حقوق الأنسان.
٤. المستشارون على أن لا يتجاوز عددهم الخمسة.

**المادة الخامسة :**

تحدد تفاصيل تشكيلات الوزارة بنظام.

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة السادسة :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة :**

على مجلس الوزارة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة ( وقائع كوردستان ).

**د. رۆژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

## الأسباب الموجبة

بالنظر لما عاناه شعب كوردستان من الأضطهاد السياسي و الأقتصادي و الثقافي و لحرمانه من التمتع بالحقوق الأساسية التي تقرها المواثيق الدولية و لتعرضه لحملات القمع و الأبادة . ، و تمشياً مع الأنفتاح على المبادىء الأنسانية و القيم الحضارية في ظل تجربة كوردستان الفدرالية لبناء مفاهيم حرية الأنسان و حقوقه و جعله متحرراً من الخوف و التردد في المطالبة بها ، ومن أجل تعزيز الممارسات الديمقراطية ، وجد من الضروري توفر ألية لتنظيم و تحقيق ذلك مما اقتضى استحداث وزارة حقوق الأنسان ، لذا شرع هذا القانون.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٢**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠١/٤/١٠**

**(( قـــرار ))**

**استناداً لحكم المادة (٤٧) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر المجلس الوطني بجلسته المرقمة (٥) و المنعقدة بتاريخ ٢٠٠١/٤/٩ ما يلي :**

**أولاً :**

**تشكل لجنة مؤقتة من أعضاء المجلس المدرجة أسماءهم أدناه لدراسة أوضاع اللاجئين الكورد في الدول الأوربية و غيرها من الدول الأجنبية وهم :**

١. د. ناصح غفور رمضان .
٢. عبدالخالق محمد رشيد زنطنة .
٣. جلال سليم رسول خؤشناو .
٤. سرتيث محمد حسين ( سيروان كاكةيى ) .
٥. أبراهيم محمد سعيد
٦. ملا محمود فندى ديرشوي .
٧. ملا محمد طاهر زين العابدين .
٨. ملا محسن خالد مصطفى مفتي .
٩. شفيقة فقي عبدالله .
١٠. فوزية عزالدين رشيد .
١١. زهراء حاجي طه .

**ثانياً :**

**على أعضاء اللجنة أنتخاب رئيس و نائب للرئيس و مقرر من بينهم .**

**ثالثاً :**

**على اللجنة تقديم دراستها و توصياتها حول الموضوع الى رئاسة المجلس في أقرب فرصة ممكنة .**

**رابعاً :**

**يعتبر القرار نافذاً من تأريخ أقراره في ٢٠٠١/٤/٩ .**

ئەنجومەنی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**خامساً :**

**ينشر القرار في جريدة وقائـع كوردستان .**

**د. رۆژ نـورى شـاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردسـتان – العـراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٣**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠١/٤/١٢**

**(( قـــرار ))**

أستناداً لأحكام الفقرة (٨) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و المادة (٩٤) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه رئيس المجلس ، قرر المجلس الوطني بجلسته المرقمة (٦) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/٤/١١ التعديل الأتي :

## التعديـل الرابـع للنظـام الداخـلي للمجلس الوطني لكوردسـتان ـ العـراق رقـم (١) لسـنة ١٩٩٢ المعـدل

**المادة الأولى :**

تعدل المادة (٣٨) الثامنة و الثلاثون من النظام الداخلي للمجلس و تقرأ كالأتي :

تكون اللجان الدائمة للمجلس كما يلي :

١. لجنة الشؤون القانونية .
٢. لجنة الشؤون المالية و الأقتصادية .
٣. لجنة الشؤون الداخلية .
٤. لجنة الزراعة و الري .
٥. لجنة الشؤون التربية و التعليم العالي .
٦. لجنة الشؤون الصحية و الأجتماعية .
٧. لجنة العلاقات و الشؤون الثقافية .
٨. لجنة الأوقاف و الشؤون الأسلامية .
٩. لجنة البلديات و النقل و الموصلات .
١٠. لجنة الصناعة و الطاقة و المعادن .
١١. لجنة شؤون الثيشمرطة .
١٢. لجنة حقوق الأنسان .
١٣. لجنة الأشغال و الأعمار .
١٤. لجنة الدفاع عن حقوق المرأة .

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الثانية :**

**تعدل الفقرة (٣) من المادة (٣٩) التاسعة و الثلاثون و تقرأ كالأتي :**

**(( تشكل اللجان الدائمة من عدد لا يقل عن خمسة أعضاء و تنتخب كل لجنة من بين أعضائها رئيساً و نائباً و مقرراً لها )) .**

**المادة الثالثة :**

**يعمل بهذا التعديل اعتباراً من تأريخ أقراره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان .**

**د. رۆژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

استناداً الى أحكام المادة الثامنة من قانون مجلس الوزراء رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ و المادة (١٧) من قانون ادارة البلديات و السياحة رقم (٦) لسنة ١٩٩٣ قرر مجلس الوزراء أصدار النظام الأتي :

## نظام رقم (١) لسنة ٢٠٠١
## نظام انتخاب رؤساء و أعضاء المجالس البلدية في أقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى :**

تنظم أنتخابات رؤساء و أعضاء المجالس البلدية في الأقليم وفق طريقة الأنتخاب المباشر و بالأقتراع السري التام و يؤدى الأنتخاب بطريقة الترشيح و الأنتخاب الفردي .

**المادة الثانية:**

تشكل هيئة عليا تتولى تنظيم أمور أنتخابات رؤساء و أعضاء المجالس البلدية في الأقليم برئاسة نائب رئيس الوزراء و عضوية وزير الداخلية و وزير البلديات و السياحة و وزير العدل و رئيس الأدعاء العام و محافظي المحافظات في الأقليم و ممثل عن هيئة الأحصاء في رئاسة مجلس الوزراء .

**المادة الثالثة :**

تشكل هيئة الأشراف على الأنتخابات البلدية برئاسة قاضي من الصنف الأول أو الثاني و عضوية رئيس الأدعاء العام أو من ينوب عنه و ممثلين عن وزارة الداخلية و وزارة البلديات والسياحة و ممثلين عن المحافظات و تتولى المهام التالية :

١. تحديد المناطق الأنتخابية و المراكز الأنتخابية .
٢. تشكيل لجان المناطق والمراكز الأنتخابية للأشراف على سير الأنتخابات فيها برئاسة قاض أو أحد أعضاء الأدعاء العام أو محقق عدلي و ممثلين عن الأدارة و حضور ممثل المرشحين .
٣. أصدار تعليمات لتسهيل سير الأنتخابات .

**المادة الرابعة :**

تعتبر بلدية مركز كل محافظة أو مدينة أو أي بلدية أخرى بحدودها القانونية منطقة أنتخابية واحدة .

**المادة الخامسة :**

يحدد موعد الأنتخابات بقرار من الهيئة العليا و يعلن بوسائل الأعلام على المواطنين قبل الموعد المحدد لها بما لا يقلّ عن شهر .

www.mojkurdistan.com

**المادة السادسة :**

تعد لكل منطقة أنتخابية جداول باسماء الناخبين حسب مراكزها الأنتخابية مرتبة وفق الحروف الهجائية تتضمن مهنهم و عناوينهم وتأريخ و مكان تولدهم و ترسل بنسخ متعددة الى لجنة المنطقة و عند تعذر ذلك فللهيئة العليا تحديد طريقة أخرى مناسبة لتحقيق الغرض المطلوب .

**المادة السابعة :**

تزود المراكز الأنتخابية بالأستناد الى قوائم الأحوال المدنية كل مواطن أكمل الثامنة عشر من العمر ببطاقة الناخب وفق صيغة تحدد أوصافها و شكلها ببيان من الهيئة العليا على أن يبرز الناخب مايثبت شخصيته عند الأقتراع .

**المادة الثامنة :**

لأي من مواطني محافظات الأقليم ذكرا أم أنثى أن يكون ناخبا أو مرشحا أذا توفرت فيه الشروط المنصوص عليها في القانون رقم ٦ لسنة ١٩٩٣ على أن يكون مقيما أعتياديا في حدود البلدية المعنية .

**المادة التاسعة :**

لكل شخص يرغب في الترشيح لعضوية المجلس البلدي تقديم أسمه خلال مدة عشرة أيام من تأريخ أعلان موعد الأنتخابات الى رئيس الهيئة العليا مشفوعة بالوثائق المطلوبة.

**المادة العاشرة :**

تبت الهيئة العليا في الطلب خلال ثمان و أربعين ساعة من تقديمه اليها و تبلغ طالب الترشيح بقرارها خلال ثلاثة أيام من استلامها للطلب .

**المادة الحادية عشر :**

لطالب الترشيح أن يطعن في قرار الهيئة العليا لدى محكمة الأستئناف خلال يومين من تأريخ تبليغه بالقرار و تصدر محكمة الأستئناف بصفتها التمييزية قراراً باتا بشأن الطعن خلال يومين .

**المادة الثانية عشر :**

تعلن الهيئة العليا بوسائل الأعلام المختلفة قوائم المرشحين و تعلق في لوحة تعد لهذا الغرض في كل مركز انتخابي ضمن المنطقة الأنتخابية قبل خمسة عشر يوماً على الأقل من موعد الأقتراع .

**المادة الثالثة عشر :**

الدعاية الأنتخابية حرة في حدود القانون و النظام العام و الأداب و تبدأ في اليوم التالي لأعلان قوائم المرشحين و تنتهي قبل اربع و عشرين ساعة من بدء عملية الأقتراع .

**المادة الرابعة عشر :** تصدر الهيئة العليا تعليمات تحدد بموجبها شكل و حجم صناديق الأنتخاب و طريقة غلقها و فتحها .

**المادة الخامسة عشر :**

يتولى رئيس لجنة المركز الأنتخابي حفظ النظام في مركزه ، و له أن يتخذ من الأجراءات ما يكفل ضمان حسن سير الأنتخابات و سلامتها .

**المادة السادسة عشر :**

تبدأ عملية الأقتراع في الساعة الثامنة صباحاً و تنتهي في الساعة الثامنة مساءاً و للهيئة العليا منح أي مركز تقتضي ظروف عملية الأقتراع فيه مدة ساعتين أضافيتين بطلب من لجنة المركز الأنتخابي .

**المادة السابعة عشر :**

عند أنتهاء الوقت المحدد للأقتراع يعلن رؤساء لجان المراكز أنتهاء عملية الأقتراع و يثبت ذلك في محضر الأنتخاب و تفتح الصناديق و تفرز الأصوات علنا .

**المادة الثامنة عشر :**

أ. تعتبر البطاقات الأتية باطلة :
   ١. البطاقة غير المختومة بختم لجنة المركز .
   ٢. البطاقة الخالية من أية أشارة.

ب. لا يعتد بالأسم الذي يثير لبساً في تحديد الشخص المنتخب .

ج. أذا ظهر في ورقة أنتخابية أكثر من العدد المطلوب أنتخابهم من المرشحين ، فالعبرة بالمتقدمين منهم حسب تسلسل ورود أسمائهم ويهمل الباقون .

**المادة التاسعة عشر :**

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان

١. تقوم لجان المركز بتنظيم محاضر موقعه من قبلها بنتائج التصويت تودعها في ظرف مغلق و مختوم و تسلمها الى لجنة المنطقة .

www.mojkurdistan.com

٢. تقوم لجنة المنطقة بعد جمع النتائج و الوثائق من المراكز بتنظيم محضر موقع من قبلها و مختوم بختمها و تودعه الى الهيئة المشرفة و التي تسلمها الى الهيئة العليا .

**المادة العشرون :**

للمرشح أن يعترض على كيفية أجراء الأنتخابات و نتائجه في دائرته الأنتخابية لدى هيئة الأشراف بتقديم طلب تحريري اليه خلال مدة ثلاثة أيام من تأريخ أعلان النتائج و يكون قرار الهيئة قابلا للطعن لدى محكمة الأستئناف بصفتها التمييزية خلال يومين و على المحكمة أن تبت في الأعتراض خلال خمسة أيام .

**المادة الحادية و العشرون :**

تعلن الهيئة العليا أسماء الفائزين برئاسة و عضوية المجالس البلدية لأقليم كوردستان العراق و على وزارة البلديات و السياحة تنفيذ ذلك وفق القانون .

**المادة الثانية و العشرون :**

على الوزارات تنفيذ هذا النظام .

**المادة الثالثة و العشرون :**

صدر في أربيل ويعمل به أعتباراً من تأريخ صدوره .

**سامى عبدالرحمن**
**نائب رئيس مجلس الوزراء لأقليم كوردستان**